**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان –عیراق**

**بە پێی ئەو دەسەلاتەی لە برگەی(1)ی ماددەی(10)ی(یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان-عیراق)ی ژمارە(1)سالّی2005ی هەموارکراو پێمان دراوە بە پالّپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عیراق کردوویەتی لە دانشتنی ژمارە(28)لەرۆژی(5/6/2013)بریارماندا بە دەرکردنی:**

## یاسای ژمارە (11)ی سالّی 2013

## یاسای مافی دەستکەوتنی زانیاری لە هەرێمی کوردستان-عێراق

**مادەی یەکەم:**

**لە م یاسایەدا مەبەست لەم زاراوانە ئەم واتایانەیە کە لەبەرامبەر هەر یێکێکیان هاتووە:**

**یەکەم:هەرێم: هەرێمی کوردستان-عیراق**

**دووەم : پەرلەمان:پەرلەمانی کوردستان –عیراق**

**سێیەم:دەستە:دەستەی سەربەخۆی مافەکانی لە هەرێمی کوردستان.**

**چوارەم: دام و دەزگای گشتی:سەرجەم دام و دەزگاکانی یاسادانان و جێ بەجێ کردن و دادوەری و کارگێربە خۆجێیەکان و دەستەی سەربە خۆیەکان.**

پێنجەم: دام و دەزگای تایبەتی:کۆمپانیاکان و کەرتی تایبەت یان هەر ڕێکخراوەکی ناحکومی یان دەستەیەك کە مرفقێکی گشتی بەڕێوە دەبات یان بازرگانی دەکات یان پیشەیەك دەکات یان حکومەت تەمویلی دەکات وکەسایەتێکی قانونی هەبێ

شەشەم:فەرمانبەری تایبەت:یان کەسەیە  کە لەلایەن دامودەزگاکان دیاری دەکرێت  بۆ سەیرکردنی داواکاری وەدەستهێنانی زانیاری.

حەوتەم:بلاوکردنەوە:گەیاندنی زانیاری بە تاکەکانی کۆمەلگا بە شێوازێکی گشتی شیاو لەرێگای هەر کەنالێکی ناسراوی بە خش و بلاۆدەکەنەوە.

هەشتەم:زانیاری:داتای زارەکی یا نوسراو یانتۆمار یان ئامار یانبەڵگەنامەی نوسراویان وێنەگیراو یان تۆمارکراو یان هەڵگیراو بەشێوەی ئەلیکترۆنی یان بە هەر  شێوەیەکی ڕێگەیەکی دی.

نۆیەم:دۆکیۆمێنت:ئەو ناوەندەیەکە زانیاری تێدا تۆمارکراوە بەچاوپۆسین لە شێوە و فۆرمات و سەرچاوە و مێژووی دەرچوون و بارە یاسایەکەیەوە.

ماددەی دووەم: ئامانجەکان

ئەم یاسایە ئەم ئامانجەی هەیە:

یەکەم: تواناداركردن و ئاسانكاری كردن بۆهاولاَتیانی هەرێم کە پارەکتیزی مافی خۆیان بۆ بەدەست هێنانی زانیاری بکەن کە لەلایەن دام و دەزگای گشتی و تایبەتەکاندا هەیە بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

دووەم:پشتگیری کردنیپرەنسیپەکانی شافافیەت و بەشداری کارا بۆ جەسپاندنی پرۆسەی دیموکراتی.

سێیەم:دابین کردنی کەشێکی لەبار تر بۆ ئازادی را دەربرین وپەخش و بلاۆکردنەوە.

## بەشی دووەم

## دەستە ئەرك و دەسەڵاتەكانی

**مادەی سێیەم:**

**دەستە سەرباری ئەم كارانەی لە یاسای ژمارە(4)ی ساڵی 2010داهاتووە بۆچاودێری جێبەجێ كردنی ئە م یاسایە ئەم ئەرك و دەسەلاَتانەشی هەیە:**

**یەكەم:بەدواداچونی جێبەجێكردنی حوكمەكانی ئە م یاسایە و چاودێری كردنی سەرپێچیەكان و ئەو كۆسپانەی دێنە رێگای جێبەجێكردنی یاساكە و دەركردنی راسپاردەی پێویست.**

**دووەم:دانانی بەرنامەی كار بۆ راهێنانی ئەو فەرمانبەرانەی تایبەتمەندن بە جێبەجێكردنی ئەحكامەكانی ئە م یاسایە.**

**سێیەم: وەرگرتنی سكالاَو ساغ كردنەوەیان بە زوترین كات و گرتنەبەری رێوشوێنی پێویست.**

**چوارەم:ئاگاداركردنەوەی دام و دەزگاكان بۆ راستكردنەوەی ئەو حاڵە تانەی كە بە لَگەی تۆمەتباركردنی سەرپێچی كارانەی ئەم یاسایەیان تێدا دەرئەكەوێ.**

**پێنجەم:ئاراستەكردنی هاولاَتیان بە رێگای ئەوە تۆی شیاو بۆ گەیشتن بەو مافانەی لەم یاسایەدا هاتوون دەركردنی بلاَوكراوەی پەیوەندیدار بەم بابەتەوە.**

**شەشەم:دەخالەت كردن بۆ بەدەست هێنانی زانیاری لە حالەتێكدا داواكار نەشیا بەگوێرەی ئەم یاسایە زانیاری دەست بكەوێ پاش پان هێنانی بۆ دەستە هەروەها دەستە پۆشی هەیە داوا لەسەر ئەو لایەن و تاكانەی كە ئەم یاسایە پێشێل دەكەن لەبەردەم دادگاكاندا بەرزبكاتەوە.**

**حەوتەم:دەبێ دەستە هەر 6مانگ لەبارەی كاروچالاكیەكانی خۆیەوە راپۆرتێكبە پەرلەمان بدات بۆ رای گشتی بلاوی بكاتەوە.**

## بەشی سێیەم

## چۆنیەتی بەدەست هێنانی زانیاری

**ماددەی چوارەم :مافی تێروانین و دەسکەوتنی زانیاری**

هەموو کەسێك چ سروشتی بێتیان معنوی مافی ئاگادار بوون و بەدەستهێنانی زانیاریو چەند دانەیەك لەو دۆکیۆمێنتانەی هەیە کە لە دامودەزگاکان داوای دەکات بەدەر لەو زانیاریانەی کە بەگوێرەی ماددەی(14) ئەم یاسایە رێسپەر کراون.

**ماددەی پێنجەم:مافی پێشکەش کردنی داواکاری**

هەموو کەسێك مافی ئەوەی هەیە کە داوا بۆ بەدەستهێنانی زانیاری پێشکەش بکاتئەگەر ئەو بەڵگەنامەیەی کە زانیاریە داواکراوەکەی تێدایە لای ئەم دام و دەزگایەبێتکە داواکەی ئاراستە کراوە ئەوا پێویستە دانەیە ك ئەو بەڵگە نامەیەی پێبدات.

**ماددەی شەشەم :ئەو زانیاریانەی بڵاو کردنەوەیان ئەرکە**

یەکەم:هەر دام و دەزگایەکی گشتی دەبێ سالانە دەلیلێك دەربکات یان لەسەر سایتی ئەلیکترۆنی خۆی یان راپۆرتێك کە ئەم زانیاریانەی تێدابێتبڵاوبکاتەوە بەردەوام ئەپدەیتیان بکات.

1-پەیکەرەکەی, ناونیشان و ماڵپەر و ئەلیکترۆنیەکەی, رێگاکانی پەیوەندی کردن پێیەوە رێکارەکانی بە دەست هێنانی زانیاری ,ئەرکەکانی ,بریارەکانی ,رێوشوێنەکانی دامەزراندن, بەرپرسەکانی و ناونیشانە وەزیفیەکانیان.

2-بودجە و تەرخانکراوەکانی,حسابەکۆتایەکەی.

3-پرۆژە جێبەجێکراوەکانی ئەو پرۆژانەی لە باری جێبەجێ کردندان,ئەو پرۆژانەی بریارە بێنە جێبەجێ کردن.

4-ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەشی دەکات رێگای بەدەستهێنانیان.

5-ئەو سکالاَنەی پێشکەش کراون و ئەو رێو شوێنانەی لە بارەیانەوە وەریگرتوون.

دووەم: دەبێ دام و دەزگای گشتی کەم کردنەوە و زیادبوونەوەکان بۆ موللك و سامانەکانی رابەگەیەنێ یە گوێرەی یاساو سیستەمە کارپێکراوەکان لە هەرێمدا.

ماددەی حەوتەم:رێکارەکانی داواکردنی زانیاری دەستکەوتن

یەکەم:پێویستە لەسەر هەر دامودەزگایەکی گشتی یان تایبەتی فەرمانبەرێکی تایبەتمەند یان زیاتر بۆ وەرگرتنی داواکاریەکانی زانیاری دەستنیشان بکات.

دووەم:دامو دەزگای گشتی یان تایبەتی بۆی هەیە فۆرمێکی داواکاری زانیاری ئامادەبکات وردەکاری روون دەربارەی ناوەرۆکی زانیارییە داواکراوەکان و ناوی پێشکەش کاری دواکاریەکەو ئامرازی پەیوەندی پێوەکردنی لە خۆ بگرێت بە مەرجێك بار گرانی نەبێتبەسەر پێشکەشکارەکانی,و دانانی فۆرمەکە لەسەر پێگەی ئەلیکترۆنی خۆی.

سێیەم:داواکردنی زانیاریەکان بە نوسراویدەبێت تەنها لەحاڵەتی بوونی پاساو نەبێت لەو کاتەدا دەکرێت بە زارەکی بێت.

چوارەم:پێویستە لەسەر دامو دەزگای گشتییان تایبەتی دەستبەجێ لەگەل وەرگرتنی داواکاریەکە تۆماری بکات چ رەزامەندی لەسەر بدرێت یان رەتبکرێتەوە تۆمار نەکردن بە رەتکردنەوەیەکی نایاسایی داواکاریەکە هەژمار دەکرێت.

پێنجەم:پێویستە لەسەر دامو دەزگای گشتی یان تایبەتی لە ماوەی 10 رۆژ لە رێکەوتی وەلرگرتنی داواکاری زانیاری وەلأمیان بداتەوەو ئەگەر داواکاریەکە ژمارەیەکی زۆر لە زانیاری لە خۆبگرێت یان پێویست بە راوێژی لایەنی سێیەم بکات ئەوا بۆی هەیە ئەم ماوەیە بۆیەکجار درێژبکاتەوە بە مەرجێك لە 15رۆژ زیاتر نەبێت.

شەشەم:لەحالەتێك ئەگەر داواکاریەکە زانیاری پێویستی بۆ پاراستنی ژیانی کەسێك یان ئازادیەکەی لەخۆبگرێت, ئەواپێویستە لەسەر دامەزراوەگشتیەکە یان تایبەتیەکە لە ماوەی 48کاتژمێریدوای پێشکەشکردنی وەلأمی بداتەوە.

**مادەی هەشتەم: وەڵامدانەوەی دواکاریەکان**

**یەکەم: لەحالەتی رازیبون لەسە ر داواکاریەکە پێویستە لەسەر دامەزراوی گشتی یان تایبەتی راستەو خۆ زانیاریەکان بداتە پێشکەش کارەکەی.**

**دووەم:ئەگەر زانیاریە داواکراوەکان ئامادەبن و پێویستیان بە هەوڵدان نەبێت بۆ گەران بەدوایاندا ئەوا دەکرێت راستەوخۆ لە رێگەی پەیوەندی تەلەفۆنی یان پۆستی ئەلیکترۆنی یان بە زارەکی بدرێنە داواکارەکەی.**

**سێیەم: ئەگەر داواکاریەکەهەر هەمووی یا بە شێکی رەتکرایەوە ئەوا پێویستە لەسەر فەرمانبەری تایبەتمەندلە وەلامدانەوەیەك کە رادەستی پێشکەشکاری داواکاریەکەی دەکات هۆی رەتکردنەوەکە دیاری بکات بە مەرجێك هۆیەکە لەملنەی خوارەوە دەرنەچێت:**

**1-زانیاری دواکراو لەبەر دەستی دامەزراوە پەیوەندارەکە نیە.**

**2- زانیاری دواکراو دەکەوێتە ناو چوارچێوەیئەو بەدەرانەیلەم یاسایەدا دیاری کراون.**

**3-زانیاری داواکراو پێشتر بلاوکراوەتەوە لەگەڵ ئاماژە کردن بە جێگەو کاتی بلاوکردنەوەی یان بوونی لەسەر پێکە ئەلیکترۆنیەکەی یان دراوەتە خودی پێشکەشکاری داواکاریەکەپێش 6مانگ.**

**4-ئاماژەکردن بۆ مافی پێشکەش کاری داواکاریەکەلە گەرانەوە بۆ دادگای بەرایی تایبەتمەند.**

**ماددەی نۆیەم:گەیاندنی زانیاری**

**یەکەم:پێشکەش کاری داواکاری بۆی هەیە ئەو رێگەیەی کەئاسانە بۆ پیێ گەیشتنی زانیاریەکان روون بکاتەوە پێویستە لەسەر دامودەزگای گشتی یان تایبەتی داواکاریەکەی جیێ بەجیێ بکات.**

**دووەم: پێویستە لەسەر دامودەزگای گشتی یان تایبەتی ئەم داواکارییانەی لەخوارەوە دادێن لەکاتی داواکردنیان جێبەجیێ بکات:**

1-وێنەیەکی ڕەسەنی دۆکیومێنتەکەبەو شێوەیەی لەلای دامەزراوەکە پەیرەو کراوە.

2-مافی لێبوردنەوە لە دۆکیومێنتەکە لەکاتی پێویستدا بە بەکالرهێنانی ئەو ئامرازانەی کە وا دامەزراوی پەیوەندی دار هەیەتی.

3-مافی لەبەر گرتنەوەی دۆکیومێنتەکە بە بەکارهێنانی ئەو ئامرازانەی کەوا کەسەکەهەیەتی .

4-دانەیەکی دەقاو دەقی دۆکیومێنتەکە,چاپکراو بێت یا تۆمار کراو بینراو بێت یا بیستراوئەگەر توانرا ئەم دانەیە بە بەکارهێنانی ئامێرە بەردەستەکانی دامەزراوی پەیوەندیدار ئەنجاو بدرێت.

5- ئامادەکردنی دانەیەکی ڕاستو دروست لە دۆکیومێنت ڕەسەنەکە بە شێوەیەکی کورت یان هەر پۆلینێکی تری شێوازەکانی دۆکیومێنتەکە.

سێیەم: دامودەزگای پەیوەندیدار بۆی هەیە پێدانی زانیاریەکان بەو شێوەیەی کەلە برگەی سەرەوەداواکراوە ڕەتبکاتەوە ئەگەر زیان بە دۆکیومێنتەکە بگەیەنێت

چوارەم:ئەگەر دۆکیومێنتەکە بە چەند زمانێکی جۆراو جۆر هەبێت ئەوا زانیاریەکانئەوا زانیاریەکان دەدرێنە داواکاریەکەی بە و زمانەی یان بەو زمانانەی ویستی لەسەرە.

ماددەی دەیەم: بونی دۆکیومێنت لەلای دامەزراویکی تر:

یەکەم:کاتێك فەرمانبەری تایبەتمەندداواکاریەکە وەردەگرێت پێویستە جەخت بکاتەوە لەسەر ئەوەی ئاخۆ دامەزراوەگشتیەکە دۆکیومێنتی داواکراوی لای پارێزراوە یاخود نا ,وە ئەگەر لەبەر دەستی نەبێت و وابزانێت کەوا لەبەردەستی دامودەزگایەکی گشتی پەیوەنداری ترە, ئەوا فەرمانبەرەکە بۆی هەیەچ داواکاریەکە بۆ دامودەزگای پەیوەندیدار ئاراستە بکات و پێشکەش کاری داواکاریەکەی لێ ئاگادار بکاتەوە یان ڕێنوێنی بکات بۆ ئەم دامەزراوە.

دووەم:ماوەی وەلآمدانەوەی داواکارییەکەی لە ڕێکەوتی ئاراست کردنی بۆ دامودەزگای پەیوەندار هەژمار دەکرێت.

**ماددەی یازدەم: پاراستنی دۆکیومێنتەکان**

پێویستەلەسەر  دامودەزگاێکی گشتی یان تایبەتی ئەو دۆکیومێنتانەی لەلایەتی بەشێوەیەك بپارێزێت کەوا تێروانینیان ئاسان بێت بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

**مادەی دوانزەهەم:راهێنانی فەرمنبەران**

پێویستە لەسەر هەر دامودەزگایەکی گشتی یان تایبەتی راهێنانی گونجاو  بۆ فەرمانبەرەتایبەتمەندەکانی لەوەوی پەیوەستە بە جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە,مسۆگەر بکات.

**مادەی سێزدەم:پێشکەش کردنی راپۆرت بە دەستە**

پێویستە لەسەر هەر دامودەزگاێکی گشتی  هەر چوار مانگ جارێك راپۆرتێك بۆ دەستە بەرز بکاتەوە بەمەرجێك ئەمانە لەخۆ بگرێت:

داواکاریە وەرگیراوەکان   ئەو داواکاریانەی چ بە تەواوی یان بەشێکیان پەسەند کراون یان بە تەواوی رەتکراونەتەوە, نارەزایی و داوا بەرزکراوەکان , ئەو راپۆرتانەی کە بە پێی ماددەی شەشەمی ئەم یاسایە بلأوکراونەتەوە و ئەو خولانەی بۆ راهێنانی  فەرمانبەرەکانی ئەنجامی داون.

**ماددەی چوارەم:بەدەرەکان**

یەکەم:ناشێت بۆ دامو دەزگای گشتی یان تایبەتی پێدانی زانیاری رەتبکەنەوە بە بیانووی پاراستنی بەرژەوەندیەکی هاتوولە برگەی دووەم ی ئەم مادەیە ئەگەر بەرژەوەندی گشتی ئاشکرا کردنی پێویست بکات .

دووەم:دامودەزگای گشتی یان تایبەتی مافی هەیەلەم حالەتانەی خوارەوە داواکاری زانیاری رەت بکاتەوە:

1-نهێنی تایبەت بە بەرگری و ئاسایشی هە رێم ووردەکاری چەك وپێداویستسە سەربازیەکان ئەرکە نهێنیە سەربازی و ئاسایشییەکان جولەو تەکتیکی بەرگری و زانیاری هەواڵگری.

2-ئەو زانیاریانەی کەوا ئاشکرا کردنیان دەبێتە هۆی کارتێکردن لەسەر رێرەوی ئەو دانوستانانەی کەوا هەرێم لەگەل هەر لایەنێکی تر دەیکات,یان لەسەر گۆرینەوەی زانیاریەکان ئەگەر هەردوولا لەسەر نهێنی بوونی رێککەوتن تاوەکو بلاۆکردنەوەی.

3- ئەو زانیاریانەی کەوا ئاشکرا کردنیان دەبێتە هۆی کارتێکردن لەسەر رێرەوی لێکۆلینەوەکان و دادگاییکردن.

4- ئەو زانیاریانەی کەوا ئاشکرا کردنیان دەبێتە هۆی بێشیلکردنی کێبرکێی رەوا یان مافەکانی دانەرو خاوەندارییێتی هزریی.

5-زانیاری و دۆسیەی کەسەکانکە تایبەتن بە خوێندن یان پزیشکی,یان فەرمانبەرێتی,یان ژمێرە بانکیەکانی یان نهێنیە پیشەییەکانی بەبێ رەزامەندی کەسی پەیوەندیدار,وە هەر چیەکی پەیوەست بێت بە سە لامەتی و تەندروستی هاولاتی و خستنەبەری ژیانی بۆ مەترسی.

6- ئەو داتایانەی کەوا ئاشکرا کردنیان دەبێتە هۆی دزە کردن بۆ نێو تۆرە ئەلیکترۆنیە پارێزراوەکانو ناوەرۆکەکانیان دە خاتە بەردەم رەشکردنەوە یان دزین.

سێیەم: بەدەرهاتووەکانی نێو یاسا بەرکارەکانی تر لە هەرێمدا بە جۆرێك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك نەبێت.

چوارەم:ئەو زانیاریانەی لە بەندەکانی (1,2,3)ی برگەی دووەم ی ئەم مادەیەدا هاتوون لە دوای بەسەرچونی (20)ساڵ ئاشکرا دەکرێت.

## بەشی چوارەم

## حوکمە گشتیەکان

**ماددەی پازدەم:تێچوونەکان**

پێشکەشکاری داواکاری تێچونەکانی دەستکەوتنی زانیاری داواکراولە ئەستۆ دەگرێت.

**مادەی شازدەم:پاراستنی فەرمانبەر**

نابێت هیچ سزایەك بخرێتە سەر هەر فەرمانبەرێککەوا زانیاری دەربارەی سەرپێچی یان پێشێلکردنی ئەنجامدراو دژ بە یاسا ئاشکرا دەکات.

**ماددەی حەفدەم:نارەزایی دەربرین**

یەکەم: هەر کەسێك داواکاری دەستکەوتنی زانیاریی رەتکراوەتەوە مافی هەیە نارەزایی دەرببرێت لەسەر بریارو رێکارەکانی دامودەزگای گشتی یان تایبەتی لەبەردەم سەرچاوە کارگێریە بالآکان, دەستەو,دادگاکانی بەرایی تایبەتمەند لەماوەیەك لە 7رۆژ لە رێکەوتی دەرچوونی ئەو بریارە ی لەسەری نارازییە یان بریاری ئەو لایەنەی لەلای نارەزایی دەربریووە,تێپەر نەکات,و لەم حالەتانەی خوارەوە:

1-رەتکردنەوەی داواکارییەکە,چ بەتەواوی یا بەشێکی .

2-تێپەرینی ئەو ماوەیەی دیاریکراوە بۆ وەلآمدانەوەی بەپێیمادەی هەشتەم/برگەی پێنجەم.

3-سەپاندنی تێچونی ناپێویست بەسەر پێشکەشکاری داواکارییەکە.

4-رەوانەکردنی یا رێنوێنی کردنی بۆزیاتر لە دامو دەزگایەکی تر بە ئامانجی سەر لێشێواندنی پێشکەشکاری داواکارییەکەوشاردنەوەی زانیاریەکانی لێی.

دووەم: بریاری دەرکراو لەلایەن دادگای بەرایی تایبەتمەند شیاوی شیاوی تانەلێدانی تەمیزی دەبێت لەلای دادگا تێهەلچونەکەی ناوچەکە بەسیفەتێکی تەمیزی,لەماوەی(15 ) پازدە رۆژ لە رێکەوتی پێراگەیاندن یان هەژمارکردنی بەوەی پێی راگەیانراوە ئەو بریارەی لە ئەنجامی تانەلێدانەکە دەردەکرێت بنبڕ دەبێت.

**ماددەی هەژدەم:بەرپرسیاریەتی سزاکاری و مەدەنی**

یەکەم: سزا دەدرێت بە غەرامەیەك لە(250,000)دوو سەدو پەنجا هەزار دینار کەمتر نەبێتولە(5,000,000)پێنج ملیۆن دینار زیاتر نەبێت,هەر کەسێك:

1-خۆی بگرێت له پێدانی دۆکیومێنت یان تێروانین یان دەستکەوتنی زانیاری نادروست پێشکەش بکات بە پێژەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە .
2-تەگەرە بخاتە بەر کارەکانی دەستە لەوەی پەیوەست بە چاودێری جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

دووەم:هەر کەسێك دۆکیومێنتەك له دەرەوەی سنوررە دەسەلاّتە یاسایەکانی خۆی بەپێی یاسا بەرکارەکان, بەئەنقەست لەناو بباتئەوا سزاەدرێت.

## بەشی پێنجەم
## حوکمەکۆتاییەکان

**ماددەی نۆزدەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران ولایەنە پەیوەندارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجیّ بکەن .

**ماددەی بیستەم:**

کار بە هیجدەقێکی یاسایی یان بریارێکی ناکۆك لەگەلّ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

**مادەی بیست و یەکەم:**

پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران بە هەماهەنگی لەگەلّ دەستەی سەربەخۆیی مافەکانی مرۆڤ رێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجیّ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

**مادەی بیست و دووەم:**

ئەم یاسایە لە دوای(90) نەوەت رۆژ لە رێکەوتی بلاّوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی(وەقایعی کوردستان) داجێبەجیّ دەکرێت.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان-عیراق**

**هەولێر**

4/تەمموز/2013ی زایینی

**هۆیە پێویستکارەکان**

**لەپێناو چەسپاندنی پرنسیپی شەفافیەت و ڕێکخستنی پێشکەش کردنی زانیاری دروست,ومافی هاولاّتی لە دەستکەوتنیان,ئەوا ئەم یاسایە دەرچوێندرا.**